# بێدەنگی لە وەرزی دەنگەکاندا!

پشکۆ نەجمەدین

ئێراقی بەعس، ئێراقی یەکدەنگی و یەکڕەنگی بوو!. کۆمەڵگەیەک بە پەیڤ و سیمای بەعسەوە، بەعسێکی بەرجەستەبوو لە گفتار، هەناسە، رووخسار و وێنەی سەدامدا!. زیندانەوڵاتێک: هەوای بەعس، خۆری بەعس، نانی بەعس، ئاوی بەعس و سەدامیش سەرچاوەی پیرۆزی ژیانی بەعس!. کۆمەڵگە، هەموو خەسڵەت و ماناکانی خۆی لە بەعسدا ون کردبوو، بەعسیش بێ سەدام هیچ مانایەکی نەبوو!.

سەدام لە بیرکردنەوە و تێراماندا. سەدام لە دید و روانیندا. سەدام، لەسەر شەقام و کۆلاندا، لە باخچەی گشتی و لە بۆنی گوڵاندا، بەسەر پۆپەی دارخورما و لە چریکەی خورماخۆرەکاندا، لەنێو پاسی هاتوچۆدا، لەسەر عەرەبانەی سەوزەفرۆش و لەنێو پیاڵەچای پڕڕەنگی ( اشرب شای و انت ماشی) دا!. سەدام، لە چاوانی هێشتا نەترووکاوی تازەساوادا، لە بوکەشوشە و یارییەکانی باخچەی منداڵاندا، لە کتێبی ماتماتیک و مێژوودا، لەژێر پێستی هەر پیتێکدا کە هێشتا نەنووسرابووا!، لە داری دەستی مامۆستا و کێبلی دەستی جەللاد و دوا هەناسەی سەرەمەرگی قوربانیدا!. سەدام، لە ژووری خەوتن و شڵپەی ماچ و توانەوەی لەززەتی جووتبووندا!. . . . سەدام لە نێو زمانی جەنگ و بۆنی ژەهر و چاوی تۆقێنەری ئەنفالدا!.

لە وڵاتی ئەنفالدا دەنگێک هەبوو!. ئەوە دەنگی خوێن لێتکاوی ( نا) یەک بوو بۆ سەدام!، رەنگێک هەبوو، ئەوە رەنگێکی یاخی بوو لە رەنگی بەعس!.

بەعس هەرەسی هێنا!. سەدام ون بوو!. خەڵکی ئێراق شتێکیان لەدەست دا کە نەک هەر بەشێک بوو لە ژیانیان، بگرە هەموو ژیانیان بوو!. ئەرێ ئێستا دەبێ خەڵکی ئێراق لە هێستیریای ژیانی بێ سەدامدا چلۆن بژین؟!.

هاتوهاوارەکان، جۆشوخرۆشی سەر شەقامەکان، رەنگی درووشمەکان و دەنگی (بژی و بڕووخێ) کان، لەگەڵ هەموو شتەکان و دژ بە هەموو شتەکان، پێمان دەڵێن: ئەو خەڵکە هێشتا لە خەوندا دەژین و بۆ ئەوەی خەونەکەیان نەبێتە واقیع، ساتێک پشوو نادەن!.

لە کوردستاندا، دوانزە ساڵە دەنگ و رەنگی سەدام، بە جۆرێک لە جۆرەکان پێچراونەتەوە!. لە کوردستاندا، نەوەیەک فراژی بووە، نە بەعس دەناسێ و نە سەدام!، نە تامی جینوسایدی چێژتووە و نە رەنگی ئەنفالی بینیوە!. ئەم نەوەیە، لە مەترسیی یەکپارچەیی خاکی ئێراق و بە ئێراقی بوونەوە ناگا!، نازانێ جیاوازی نێوان ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی، وەکو جیاوازی نێوان کاڵەک و خوربزەیە!. ئەم نەوەیە، نە ئێراقی بە یەکپارچەیی بینیوە و نە لە سێبەری فیدراڵیشدا خەوتووە!. . ئەم نەوەیە تەنیا بە دەوڵەتی نیمچەسەربەخۆی کوردستان ئاشنایە!. کە حیزبەکان بە رەنگی سەوز و زەردەوە، بارگەی کۆچیان بۆ بەغدای پایتەخت تێک دەنێن، کەسێک چاوێکی پڕ مانایان تێ نابڕێت!. کە گەورەحیزبێک (١٠) بارەگا لە شارەکەی (هارون) دەکاتەوە، کەسێک هەڵوەستەیەک ناکات!.

که دەسەڵاتی سیاسیی ئێمە خۆی بە بەرپرسیاری پاراستنی ژیانی بەعسیان و نابەعسیانی بەغدا دەزانێ، کەسێک نالێ بۆچی؟!.

کە کوردە ئەنفالکەرەکان، کێکی ساڵرۆژی لەدایکبوونی (سەرکردە) جێدەهێڵن و لە کوردستاندا داڵدە دەرێن، پەرلەمانی کوردستان زۆر گوناحانە، داوا دەکات کە حیزبەکان لێیان نەبوورن!!. کەسێک بۆ پشتیوانیی لە خواستی پەرلەمانتارەکان، دەنگ بڵند ناکات!!.

کە شیعەکان، بۆ کۆماری ئیسلامی و پاشایەتیخوازەکان بۆ رژێمی پاشایەتی و لیبراڵەکان بۆ دەوڵەتی لیبراڵ و بەعسییەکان بۆ گەڕانەوەی ( علوج) ەکان، خرۆشاون، لە کوردستاندا جگە لە دەنگی فیدراڵخوازی حیزبەکان، دەنگێک نییە!.

هیچ شتێک لەوە کارەساتتر نییە کە میللەتێک هەموو دەنگەکانی، خواستەکانی، پرۆژەکانی بە حیزب بسپێرێت!.

هیچ کۆمەڵگەیەک لەو کۆمەڵگەیە نادیموکرات و داخراوتر نابێ کە خەڵک لە رۆژگاری فەوزای سیاسیدا، لە پەراوێزی سیاسەتدا دەستەوئەژنۆ دابنیشێت!.

گەلی ئێمە، چەند ساڵان شەڕی نێوخۆی کردە ئەمری واقیع و ملی بۆ دا!. میللەتێک ئێستاش دوو ئیدارە و دوو دەسەڵاتی سیاسیی قەبوڵە و گرووپەکانی فشار بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە دەنگ و رەنگیان نییە و ناتوانن دەیان هەزار کەس لە سەرشەقامان، بۆ ئەم مەبەستە بخرۆشێنن!.

دەبوو ئێستا لە دەرەوەی خواستی یەکێتی و پارتی، بە پشتگیریی ئەو حیزبانەی پێیان دەڵێن (چکۆلە) ، هەزاران کەس رۆژانە و بە پرۆژەیەکی کوردیی تایبەتەوە لەسەر شەقامانی هەولێر و سلێمانی خرۆشابان و هاواریان ویژدانی مردووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئامریکای (دۆست) ی کوردی هەژاندبا!.

کە (گارنەر) هاتە سلێمانی، چاوەڕێ بووم لەسەر پەڕەی هەر گۆڵێکی پێشکەشیان کرد، لێی نووسرابا: ( ئێوە قەرزارباری کوردن!. . ئێمە هەموو شتێکمان بۆ ئێوە کرد، ئەدی ئێوە چیمان بۆ دەکەن؟!) .

شین بوونی گوڵی فیدرالیزم لە زەوینەی بە زەبر و خوێن ئاودراوی کۆمەڵگەی ئێراقیدا، ئاسان نایەتە پێشچاو!.

تۆوی ئەو زوڵمە مێژووییەی لە کورد کراوە، لە بنچینەی دەوڵەتی ئێراقدا چێنراوە!. داخۆ ئێمە وەکو میللەتێک نەک (حیزبەکان) ، بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتەمان بە دڵدا ختور دەکا؟!. ئەرێ دەوێرین بەکۆمەڵ بیر بکەینەوە و بپرسین: بۆ دەبێ ئێراق یەکپارچە بێت؟!.

لە سەردەمی هاتوهوریای دەنگەکاندا، چ بێدەنگین!!.

٢٠٠٣/٤/٣٠

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.